ئەدەب و کولتوور - ڕووداو

# ڕۆمانی (سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات)ـی هێرمان هیسە چاپ و بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: بژار حەکیم

ماڵی وەفایی ڕۆمانی (سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات)ـی نووسەر هێرمان هیسە چاپ و بڵاودەکاتەوە، ڕۆمانەکە لەلایەن شاعیر و وەرگێڕ کەریم دەشتی کراوەتە کوردی.

سۆران عەزیز، بەڕێوەبەری ماڵی وەفایی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانی سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات لەلایەن کەریم دەشتی کراوەتە کوردی و ئێمەش چاپ و بڵاوی دەکەینەوە.

سۆران عەزیز ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لەم ڕۆمانەی هیسەدا چاومان دەکەوێ بە ئەفلاتون، مۆزارت، فیساگۆرس و سانشۆبانشا، دۆنکیشۆت و نۆڤالیس، بۆدلێر و ئەلبێرتی گەورە، بەپێی گێڕانەوەی گێڕەرەوە ئەمانە بە ئۆتۆمبێل لەژێر سەرکردایەتی ڤازۆدیڤا گەشت دەکەن، کاپتنیش هەمان ئەو کەسەیە کە لە ڕۆمانی سیدهارتا ناوی هاتووە.

هێرمان هیسە ساڵی 1877 لە ئەڵمانیا لەدایک بووە و ساڵی 1962 کۆچی دوایی کردووە. نووسەرێکی سویسری و بەڕەچەڵەک ئەڵمانە و بەشێک لە ڕۆمانەکانی دەچنە خانەی فەلسەفەوە. هیسە ساڵی 1946 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

# ڕێبوار سیوەیلی کتێبێک لەبارەی مرۆڤ و ئینتەرنێت بڵاودەکاتەوە




■ ئا: لیزا محەممەد

(مرۆڤ و ئینتەرنێت.. چەند ڕامانێک لە دنیای مەجازی) ناونیشانی دوایین بەرهەمی نووسەر و مامۆستای زانکۆ (ڕێبوار سیوەیلی) یە کە سەرەتای ساڵی نوێ لە (260) لاپەڕەدا بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبوار سیوەیلی سەبارەت بە کتێبەکەی گوتی: "ئەم بەرهەمە باس لە کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی بە گشتی لەسەر مرۆڤ دەکات. یەکێک لەو کاریگەرییانە ئەوەیە کە چیتر کتێب سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئێمە نییە و ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە دنیای فەیسبووکدا بە ڕوونی دەبینین. کتێبەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ڕۆشنبیری کتێبخوێندنەوە لەلایەکەوە بووە هۆی بەهێزکردنی تاکایەتی و لەلایەکی ترەوە پرۆسەیەکی شوناسبەخش بوو بۆ مرۆڤی کورد.. لە غیابی ئەم ڕۆشنبیرییەدا هەم تاکایەتی کەوتووەتە بەرهەڕەشە و هەم شوناسیش لەبەردەم شێواندندایە".

گوتیشی: "ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسە ژیر و دڵسۆزەکانی لە جیهانی واقیعیدا هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتر نەماوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەوان لە دنیای مەجازی و شاشەیدا یەکتریان زویر و بریندار کردووە".

ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت، لە کتێبەکەدا گەلێک بەڵگەی ئەوتۆ خراونەتە ڕوو کە دەیسەلمێنن ڕۆژگارێک ئەم شەپۆلە لەبەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو باوەی نامێنێ، بەڵام ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە نەک هەرتۆڕێکی "کۆمەڵایەتی" نەبوو، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەیشی بە زۆر شێوە هەڵوەشاندنەوە.

# ع. ج. سەگرمە دوازدە کلیپی نوێ بڵاودەکاتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ع. ج. سەگرمە دوازدە کلیپی نوێ بڵاودەکاتەوە کە بریتین لە دوازدە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بۆ منداڵان.

د. عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە، میوزیسیەنی ناسراوی کورد ڕایگەیاند، لەم نزیکانە دوازدە کلیپی نوێ بەناوی (دوازدە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیی پیانۆ بۆ منداڵان) لە کەناڵی تایبەتی خۆم لە یوتیوب بڵاودەکەمەوە.

د. عەبدوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە "بۆ یارمەتیی خوێندکارەکانم لە لقی میوزیکدانان لە بەشی میوزیکی زانکۆی سلێمانی و گشت خۆشەویستانی دیکەی موزیکی کلاسیکی لە هەر کوێیەک بن، سکۆری نۆتەکانم لە کلیپەکاندا داناوە".

لەبارەی بڵاوکردنەوەی کلیپەکانیش دەڵێ، هیوادارم هەمووان چێژ لە میوزیکی فۆلکلۆری وەربگرن کاتێک بەرگی نوێ و هاوچەرخ دەپۆشێ.

# ئامادەکاری بۆ 22هەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ دەکرێت

22 فێستیڤاڵی گەلاوێژ

◀ د. نەوزاد ئەسوەد: تەوەری سەرەکیی فێستیڤاڵ نووسینەوەی بیرەوەرییە

■ ئا: بژار حەکیم

سەرۆک و ئەندامانی دەستەی باڵای بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری گشتیی فێستیڤاڵ، بڕیاریان دا بیستودووەمین فێستیڤاڵی ڕوناکبیریی گەلاوێژ سازبکەن.

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، فێستیڤاڵی ئەمجارەی گەلاوێژ لە ٢٠١٩/٤/١٨ تاوەکو ٢٠١٩/٤/٢٠ لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.

گوتیشی، بیستودووەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەهەمان نەفەس و گوڕوتینی فێستیڤاڵەکانی پێشوو سازدەکرێت و ئێستا دەستەی باڵا سەرقاڵی دارشتنی پلان و بەرنامەی فێستیڤاڵەکەن.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١/٥ تاوەکو ٢٠١٩/٢/١٥ بابەتەکانی پێشبڕکێی فێستیڤاڵ لە (شیعر) و (چیرۆک) و (لێکۆڵینەوە) وەردەگیرێن لە ڕێگەی ئەم ئیمەیلەوە: galawej22@gmail.com تەوەری سەرەکیی ئەمساڵی فێستیڤاڵیش بریتییە لە (نووسینەوەی بیرەوەری "ئۆتۆبایۆگرافی" لە نێوان ئەدەب و مێژوودا) لەگەڵ کردنەوەی پێشانگەی کتێب و شێوەکاری.

# پرۆژەیەکی هونەری بۆ پێشمەرگە

فارووق قوبادی: پرۆژەکە لە شازدە پۆستەر پێکهاتووە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

هونەرمەندێک سەرقاڵی دروستکردنی ژمارەیەک پۆستەرە بۆ پێشمەرگە لەژێر ناوی (پرۆژەی هونەریی پێشمەرگە) و وەک خۆی دەڵێ، لەو پرۆژەیەدا زیاتر گرنگی بە خانمان دەدات، بەتایبەت ئەو خانمانەی کە ئەمڕۆ پێشمەرگەن.

هونەرمەند فارووق قوبادی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو) ی گوت: "ئەم پرۆژەیە بڕیار بوو ساڵی 2016 کاری لەسەر بکەم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بەردەوامیی پێبدەم و ئێستا بڕیارم داوە کارەکانی دیکەم ڕابگرم و کار لەسەر ئەم پرۆژەیە بکەم".

گوتیشی، لەم پرۆژەیەدا کار لەسەر کۆمەڵێکی زۆر وێنە دەکەم، بەتایبەتی وێنەی ئەو پێشمەرگانەی کە کەمتر کاریان لەسەر دەکرێ، لەناو ئەوانیشدا وێنەی خانمە پێشمەرگەکان کە پێموایە کەمتر کاریان لەسەر کراوە و هەوڵدەدەم هەر جارە بەشێک لەم کارە بڵاوبکەمەوە.

پرۆژەی هونەریی پێشمەرگە پێکهاتووە لە شازدە پۆستەر و ئێستا زیاتر لە هەشت پۆستەریان تەواو بووە. بەشێکی زۆری پۆستەرەکانیش تایبەتن بە خانمانی پێشمەرگە و کارەکان فۆتۆی دیجیتاڵ ئارتن.

## نامە ئەکادیمییەکان

# چەمکی "مرۆڤایەتی" لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو و ئەحمەد شاملو-دا




◄ هەرێم عوسمان
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی



ئەم ناونیشانەی سەرەوە، ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرایە کە (عەدنان عەبدولڕەحمان) بە سەرپەرشتیی (پ. ی. د.فازڵ مەجید) لە ساڵی 2013 پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە. نامەکە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری پراکتیکییە و پشت بە قوتابخانەی ئەمریکی دەبەستێ. توێژینەوەکە جەخت لەسەر هاوبەشیی هزری و وێنەی شیعری لای هەردوو شاعیر (پەشێو و شاملو) دەکات نەک کاریگەرییان لەسەر یەکتر.

ئەم نامەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم لە دوو پار پێکهاتووە و ئاوڕ لە چەمکی هیومانیزم و مێژوو و بنەماکانی دراوەتەوە. هیومانیزم وەک فەلسەفەیەک کە مرۆڤ بە پێوەر دەگرێت و سروشت و سنوور و پەیوەستییە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکاتە بابەتی هزریی خۆی و وەک ژێرخانی سەردەمی ڕێنیسانس بینراوە. لەبەرئەوە هیومانیزم و مرۆڤسالاری مرۆڤی وەک ناوەند و ڕەسەن لە هەر سیستمێکی فەلسەفی، سیاسی، ئابووری و ڕەوشتی داناوە، لە هەندێک بیرکردنەوەی توندڕۆیانەشدا مرۆڤ هاوشێوەی خودا وەک سەرداری سروشت و جیهان بینراوە و ململانێ لەسەر لەپێشتردانانی (خوا یان مرۆڤ) بووە وەک بابەتی بیرلێکردنەوە لە پاش سەدەکانی ناوەڕاست، لە ئاکامی زوڵمی کەنیسە لە بیرکردنەوە و کردەکانی مرۆڤ. لە ڕووی مێژووییشەوە هیومانیزم بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە خواکانیان شێوەی مرۆڤی هەبووە و لەشی مرۆڤ گرنگترین بابەتی هونەری و پەیکەرتاشین بووە. لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بزووتنەوەیەک بە ناوی هیومانیزم سەری هەڵدا کە خۆشبەختیی مرۆڤی لە گەڕانەوە بۆ ڕۆژگاری دێرین و سەردەمی هاوەڵگەرایی دەبینییەوە، پێیانوابوو باپەندبوون بە دین و کەنیسە ئازادیی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە کە لە ڕۆژگاری کۆندا هەبووە، بەڵام لە ژێر سایەی مەسیحییەتدا لەناوچووە. ئەم بزووتنەوەیە بە توندی دژی ئەو ئایدیایانەش وەستایەوە کە دینی نەبوون، بەڵام نزیک بوون لە بیروباوەڕی دینییەوە، لێرەشەوە نزیکبوونەوە لە شتە بینراوەکان و چێژی جەستەیی و جوانی و شیعر بایەخی پەیداکرد. دواتر توێژەر تێڕوانینی فەیلەسوفان (دیکارت، سپینۆزا، کانت..) بۆ هیومانیزم باس دەکات و لەپاری دووەمدا بنەماکانی مرۆڤایەتی شی دەکاتەوە کە خۆی لە ئازادی و ویستی مرۆڤ و مرۆڤپێوەری و عەقڵگەرایی دەبینێتەوە، دواتریش باسی ڕەنگدانەوەی بیری هیومانیزم لە قوتابخانە فەلسەفییە جیاوازەکانی وەک کۆمۆنیزم، پراگماتیزم، ئێگستانسیالیزم دەکات.

بەشی دووەم لە سێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بەشێوەیەکی پراکتیکی چەمکی مرۆڤایەتی لە شیعری کوردی و فارسیدا شی کردووەتەوە. لەسەرەتادا باسی (ئازادیی نیشتمان) دەکات کە نموونەی لە شیعری کوردی و فارسی هێناوەتەوە، هەروەها باسی دۆخی مرۆڤ دەکات لە جەنگ و ئاوارەییدا کە لە شیعری کوردیدا نموونەگەلی زۆرمان هەیە. هاوکات باسی دۆخ و پێگەی ژنی کردووە کە شاعیرانی کورد و فارس هانی ژنیان داوە ئازادبن و بخوێنن و بەشداری بکەن. هەر لەم پارەدا تێڕوانینی ڕەخنەگرانە و یاخیگەرانەی شاعیرانی کورد لە کولتوور و دیاردە نامرۆڤانەکان خراوەتەڕوو. پاری دووەم تێڕوانینی پەشێوی بۆ شیعر و مرۆڤدۆستی خستووەتەڕوو کە شیعرەکانی زادەی ئازادی، نیشتمان و مرۆڤدۆستین، بۆ نموونە لە یەکێک لە شیعرە کۆنەکانیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی و نیشتماندۆستی دەڵێت:

دۆستەکانم باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێستا و بە خوا هەیە
هەزار هێندەش باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

توێژەر پێیوایە زمانی شیعریی پەشێو سروشتی نەتەوەی کورد نیشاندەدات، چونکە سادە و ڕەوان و شیعرین و شێوازی ناوچە جیاوازەکانیشی تێکەڵ کردووە. هاوکات تێڕوانینی پەشێو بۆ شیعر کە بوون و ژیان و شیلەی دڵ و دەروونیەتی:

هۆنراوەم شیلەی دڵ و دەروونمە
ئاوێنەی ژین و بوون و نەبوونمە...

توێژەر پێیوایە شیعرەکانی پەشێو بەرلەوەی تایبەت بن بە نیشتمان و نەتەوەی کورد، تایبەتن بە خودی مرۆڤ، واتە مرۆڤدۆستی بەر لە شیعری نەتەوەیی ئامادەیی هەیە. سەبارەت بە شاملوش توێژەر پێیوایە لە پاش نیما، دووەم وێستگەی گۆڕانکارییە لە شیعری فارسیدا کە توانی لە کێش یاخی بێت و شیعرەکانی بێ نێوانگر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکیدا بدوێت. شاملو کە شاعیرێکی پڕ بەرهەمە، توانیویەتی لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەنگێکی ڕەسەن بێت و کاریگەری لەسەر شاعیرانی پاش خۆی دابنێ. شاملو پێیوایە شیعر دەبێت شەرم نەکات و خۆی لە پشتی شاعیرەوە نەشارێتەوە و لەگەڵ سروشت و ژیان ئاوێتەبێت. سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی، توێژەر دەنووسێ: "شیعرەکانی بریتییە لە مرۆڤدۆستی، هەست بزواندن، سیاسەت، پەیامداری، حەماسی و شیعری عاشقانە و لە هەموو ئەو ناوەڕۆکانە گرنگتر نارەزایی دەربڕینە" لەبەرئەوەی شاملو پێیوایە هونەر دەبێت بۆ مرۆڤ بێت، لێرەشەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە بایەخدان بۆ یەکسانی و دادپەروەری ڕەنگدەدەنەوە:

لێوان لێو لە نەفرەت
ئێمە نووسیمان و گریاین
ئێمە بە پێکەنینەوە سەمامان کرد
ئێمە بە هاوارەوە گیانمان فیداکرد
هیچ کەس ئاوڕی لێنەدایینەوە
لەولایەوە پیاوێکیان لە سێدارە دا
هیچ کەس بە هەندی وەرنەگرت

لە بەشی سێیەمدا بەراوردی شیعری هەردوو شاعیر لەسەر بنەمای چەمکی مرۆڤایەتی لە سیانزە باسی جیاوازدا کراوە، ئەوانیش: (ژن، خۆشەویستی، ژیان، ئازادی، بەرژەوەندیخوازی، خەبات و بەرگری، جەنگ و ئاوارەیی، ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی شاعیر بۆ مرۆڤ، هەستی شاعیر بۆ مرۆڤی شۆڕشگێڕ و حەسرەتی شاعیر بۆ سەربەستیی مرۆڤ).

توێژەر پێیوایە گوتاری شیعریی پەشێو بۆ ژن مرۆڤدۆستانەیە و وێنەی واقیعی نەک ناواقیعیی ژن دەکێشێت و ئازادی بە ژن دەدات. هەرچی شاملوە بەپێچەوانەی نەریتی ئێرانی کە ژن بە کەم دەگرێ، ئەم ڕێزو بەهایەکی بەرزی دەداتێ و دڵی ژن گەورەتر لە هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان دەبینێ و پێیوایە ژن پەروەردەکەری پیاوان و ڕۆحی ژیانن، هاوکات سەرچاوەی عیشقێکی جوانن و هاوڕۆحی پیاوانن:

من لەناو ژنان هیچ شتێک نادۆزمەوە
ئەگەر ئەو هاوڕۆحەی خۆم ڕۆژێک نەدۆزمەوە
لەپڕ دەکوژێمەوە

توێژەر پێیوایە چەمکی ئازادیش بۆ هەردوو شاعیر بنەماییەو مانادەبەخشێتە ژیان و ژیانی مرۆڤ لە پووچی ڕزگار دەکات، لای پەشێو ئازادی پەیوەستە بە ماناکانی سەربەخۆیی و بە نیشتمانیشەوە. لای شاملو ئازادی بە مرۆڤدۆستییەوە گرێ دەدرێت، کاتێک لە شیعری (چیافت)دا باسی کوشتنی ماناکانی ئازادی دەکات و دیمەنی خیانەت لە شێوەی ژەهرخواردکردنی میوان لەسەر سفرەی خاوەن ماڵ نیشاندەدات، لەبەرئەوەی دەنگی میوان دەنگێک بوو نەیدەویست بێدەنگ بێت. دواتر توێژەر لە پاری دووەمی تەوەرە تایبەتەکاندا، ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پەشێو باس دەکات کە بەگشتی ئاراستە جیاواز و بیرو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە ڕەخنەی چەپەکان دەکات کە بە دروشمبازی و بێ کردەوە ژیانی خەڵکی چاک نابێت، یان ڕەخنەی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی زلهێزەکان دەکات کە فریوی کوردستان دەدەن. هەرچی شاملوشە کە ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانی هەیە، پێیوایە لەسایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا بێدەنگیی شار وەک گۆڕستانی لێدێت، بەڵام مرۆڤە ئازادەکان هەمیشە دەنگ بڵندو خەبەرکەرەوەن، شاملو یەکێک بووە لەوانەی ڕقی لە حزبی توودە بووە و ڕەخنەی لێگرتوون. شاملو ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکە هەژارەکەش دەگرێت و بە دەرئەنجامێکی سیاسەتی نادادپەروەرانەی دادەنێت و قسەی بریقوباقی سەروەرییەکانی وڵات بە بێمانا دەداتە قەڵەم:

شەوانە
بەهاوارێکی ڕووشێنەر
لەسەربانی تاریکییەکی نەخۆشەوە
مناڵێک
اللەاکبر دەڵێت
لەشفرۆشێکی برسی
دەگری
داوێن پیسێک
پیرۆزیی بەندە ئازاکان
باس دەکات

خاڵێکی دیکەی ڕەخنەی هەردوو شاعیر لە وڵاتانی جیهان و کوێربوونیانە بە بینینی دنیا وەک کانگای سەروەت و نەوت، ئیدی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تەنیا وشەی بێ ناوەڕۆکن، بۆ نموونە پەشێو دەڵێ:

جیهانی ئازاد
هێندە گوێ هەڵخا
بۆ زەمزەمەی نەوت لە جەرگەی خاکا،
کەڕ و کووڕ بووە،
هەست بە سووتانی لوتکەی کێو ناکا!

شاملوش ڕەخنەی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات کە لەناو خەونی لەدەستچوو، ژیانی دووبارە گیری خواردووە و ڕێگای ڕزگاریی ون کردووە:

مرۆڤەکان و بۆگەنی دونیاکەیان
یەکپارچە دۆزەخێکە لە کتێبێکدا
کە من ئەوەم وشە بە وشە لەبەر کردووە
تاکو نهێنی بەرزی گۆشەگیری بدۆزمەوە

خاڵێکی دیکەی ڕەخنەی شاملو بابەتی دین و مەزهەبە کە مرۆڤە سادەکانی پێ فریو دەدرێت و دەچەوسێنرێنەوە و ژیانی مرۆڤ یەکڕەنگ دەکات. لەپاڵ ئەم ڕەخنانەشدا هەردوو شاعیر ستایشی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان دەکەن کە بە دەنگی بڵند جیهان بەئاگادێنن، بەشێکی ئەو وزە شۆڕشگێڕانەیەش لە هونەرمەنداندا دەبیننەوە. لە کۆتاییشدا توێژەر بە دوانزە خاڵ ئەنجامی نامەکەی دەخاتەڕوو کە چەمکی ژن و عەشق و ئازادی سیانەی بنەماییین، هاوکات هەردوو شاعیر جەخت لەسەر چینی بەشخوراو و زەحمەتکێش دەکەنەوە و لەپاڵیشیدا شیعرەکانیان لێوانلێوە لە ئومێد و هاندان و خەبات.

## مەحوی و پێداچوونەوەی ماناکانی شەو و ڕۆژ

# لە ڕۆمانی "هەنار و فریشتەی مردن"دا

◄ سەنگەر زراری



ڕۆمانی "هەنار و فریشتەی مردن" ڕۆمانێکی فرەڕەهەند و فرەبابەتە و هەر بابەتێکیش لەناو ڕۆمانەکەدا لەو جۆرە بابەتانەن کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی هەیە، بەتایبەتیش کاریگەرییان لەسەر کورد و کۆمەڵگای کوردی هەیە. تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە قسەکردنە لەسەر ئەو چیرۆکەی خودی مرۆڤ تێیدا دەژی، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئەوە ئێمەین دەژین یان چیرۆکەکانمانە؟! ئەم تەوەرە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە درێژ دەبێتەوە، قسەی ڕۆماننووس لەمبارەیەوە و خودی چیرۆک و بەسەرهاتی ڕۆمانەکە سەبارەت بەم پرسیارە هێندە روونە کە بۆ دۆزینەوەی ئەم بابەتە لەناو دەقەکەدا، هیچ کەشف و گەڕان و بەدواداچوونێکی ناوێ و دەقەکە خۆی بەڕوونی لەمبارەیەوە دەدوێ. بۆیە من لە جیاتی تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە، بەکورتی بەدوای سێ شتی دیکەی گرنگ لەناو ڕۆمانەکەدا دەگەڕێم کە ئەوانیش بریتیین لە: یەکەم: کێشەی پەنابەری، دووەم: حوکمی نادادوەرانە بەسەر ڕەش و سپیدا و سێیەم: زوڵم و زۆردارییەکانی سەرمایەداری.. هەریەک لەم بابەتانە ڕووبەرێکی کەم، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە هەیە.

### یەکەم: کێشەی پەنابەری

پەنابەر مرۆڤێکی ئۆقرەنەگرە، مرۆڤێکە بە هۆکاری جیاواز وڵاتەکەی خۆی جێدێڵێ، زانیارییم سەبارەت بە پەنابەرانی خاک و وڵاتی دیکە نییە، بەڵام زۆربەی پەنابەرانی کورد، ئەگەر بەهۆی بێزاربوونیان لە وڵاتەکەی خۆشیان لێرە دووردکەونەوە، کەچی کە دووردکەوتنەوە، نیشتمان دەچێتەوە ناخیان و لەوێوە سۆزێکی پەڕگیریان بۆ خاک و وڵاتەکەیان دەجووڵێت و دەیانەوێ نیشتمان تیایاندا بژی، ڕۆماننووسی ناوداری عەرەب نەجیب مەحفووز (1911-2006) لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا ڕستەیەکی هەیە دەڵێت: "سەردەمی بنەما و پرەنسیپەکان بەسەرچووە، ئێستا سەردەمی کۆچکردنە"، دیارە نەجیب مەحفووز لێرەدا بنەما بە مانای ئەو باوەڕ و بنەمایانە بەکار دێنێ کە لە ناخی مرۆڤدا جێگیرن، لێرەشەوە کە سەردەمی بەسەرچووبێ، دەبێ مرۆڤ یەکێکیان هەڵبژێرێ و یەکێکیانی جێهێشتبێ، بەڵام مرۆڤی کورد نە واز لە باوەڕەکانی خۆی دێنێ و نە واز لە کۆچەکەش دێنێ، ڕۆمانی "هەنار و فریشتەی مردن"، ڕستەیەکی زۆر جوانی تێدایە کە دەتوانم بڵێم بەقووڵی گوزارشت لەم دۆخەی پەنابەری کورد دەکات، "ئێمە چەند دوور بڕۆین، شارەکان لە خۆماندا هەڵدەگرین و کاتێکیش دەگەڕێینەوە بۆی، ئەوا سەفەر بۆ ناو شارەکەی خەیاڵمان دەکەین...ل49".

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "پەنابەر تا مردن لە وڵاتێکدا دەژی، بەڵام ناتوانێت ڕەگ دابکوتێ... ل99". ئەم پێناسەیە بۆ هیچ جۆرە پەنابەرێک ڕاست نەبێت، بۆ پەنابەری کورد دروستە، تۆ تەماشاکە کورد لە وڵاتەکە خۆی ناحەوێتەوە و تا لەو وڵاتە دەڕوات جنێو بە هەموو شتێکی کورد دەدات، ئامادەیە هەموو ماڵ و سەروەتی کە بە درێژایی ژیانی کۆی کردووەتەوە بفرۆشێ بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەی دووردکەوێتەوە، بەڵام کە دەچێتە وڵاتێکی دیکە، سۆزی بۆ وڵاتەکەی دەجووڵێت و بۆ هەمان ئەو شتانە دەگری کە پێشتر جنێوی پێدەدان، دەچێتە وڵاتێکی دی، بەڵام واز لە شاڵ و کورتەک و شەرواڵ و جەمەدانیی کوردیی ناهێنێ و ناتوانێ بەڕووی ئەوانی دیکەیدا بەرز نەکاتەوە و جۆرێک لە هەستی پەڕگیرانە پیشان نەدات، هەڵبەت ئەمە بۆ هەموو پەنابەرێک ڕاست نییە و هیچ شتێک بەڕەهایی نییە، بەڵام ئەوانەی بەم شێوەیەشن ژمارەیان کەم نییە، بۆیە خەڵکانی ئێمە کە دەچنە وڵاتانی دیکە، تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە پەڕگیر و گۆشەگیر دەبن و سۆزیان بۆ یەکتر دەجووڵێ و لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە کە فێری کولتوور و زمانی دیکەش نابن و هەر جەستەیان لەوێیە و دڵیان لە وڵاتەکەی خۆیانە و هەر خەریکی سەفرە و سەیرانن بەتامی نەورۆزی کوردەواری کە پێشتر ڕەنگە نەفرەتیان لەم جۆرە هەڵسوکەوتە کردبێ، بۆیە پەنابەری کورد، ئەو مرۆڤە نییە کە لە غەریبیدا خۆی بدۆزێتەوە، بەڵکو لە غەریبیدا ئەوەش ون دەکات کە لەناخیدا هەیە.

### دووەم: حوکمی نادادوەرانە بەسەر ڕەش و سپیدا

ڕاستە چاکە و خراپە هەیە، زوڵم و دادوەری هەیە، بەڵام زۆر شتیش هەن ناچنە خانەی ئەم دوو حوکمەوە، کەچی بەهۆی ئەم چاکە و خراپەیەوە بوونەتە قوربانی، بۆ نموونە: ڕەش و سپی، شەو و ڕۆژ، تاریکی و ڕووناکی و... ڕەنگەکان، یان کاتەکان لە خودی خۆیاندا بێلایەنن، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن کە ڕەش دەدەنە پاڵ خراپە و سپییش دەدەنە پاڵ چاکە، تاریکی دەکەنە ڕەمزی نەزانی و ڕووناکی بە ڕەمزی زانین.




لەم ڕۆمانەدا مەحوی وەکو سیمبولێک دەردەکەوێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە، بۆ ئەمەش دوو شیعری ئەو بەکارهێنراون کە یەکێکیان بۆ شەو و لە ستایشی شەودا نووسراوە و ئەوی دیکە بۆ ڕۆژ نووسراوە، فەقێیەکی مەحوی، هەردوو شیعرەکەی مەحوی لەبەردەمی مەحویدا دەبینێ کە هەردووکیان لە یەک پەڕەدا نووسراون، بەڵام هەریەکیان لە دیوێکی پەڕەکەدا، فەقێکە "دەستی بە کاغەزەکەوە دەلەرزێت، چونکە دەترسا ڕۆژێک ئەو پەڕەیە کە دوو شیعری دژبەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتووە و لە جوانیدا هاوتان، وا بکات خانەقاکە کەرت بکات...ل103".

دەبینی لێرەدا هەردوو دەربڕینی "دوو شیعری دژبەیەک" و "لە جوانیدا هاوتان"، هەر یەکەیان بەرپەرچی ئەوی دیکە دەداتەوە، بەو مانایەی کە ئەگەر لە جوانیدا هاوتا بن، بۆ دژ بەیەکن؟! یاخود بۆچی دەبێ دوو شیعری جوان دژبەیەک بن، تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێکیان لەبارەی ڕۆژە و ئەوی دیکەش شەو؟!

مەحوی لە ڕێگای ئەم دوو شیعرەوە دێت و دەیەوێ ئەو بیروبۆچوونە زاڵە ڕەت بکاتەوە، وەکو ئەوەی ڕۆمانەکە پێمان بڵێت، ئەوە عارف و زاناکانن کە دەتوانن هەموو ئەو شتانەی لە باوەڕی باودا بە دژ ناودەبرێن، ڕەتبکەنەوە و جوانی بە هەردووکیان ببەخشن، یان ڕاستتر بڵێم، جوانیی هەردووکیان بەدیاربخەن. بەڵام ئەوەتا هەر لە دوای مەحوییەوە هەڵەکە دووبارە دەبێتەوە و کەسانێک دەبنە لایەنگرانی شەو و دەبنە شەونشین، دەستەیەکی دیش دەبنە لایەنگری ڕۆژ و ڕۆژنشین، ئەم ململانێیەش لە فەقێکانی مەحوییەوە درێژ دەبێتەوە تا سەردەمی هەنار و سەردەمی ئێمەش ململانێکان بەردەوام دەبن.

### سێیەم: زوڵم و زۆردارییەکانی سەرمایەداری

ئال کابوونی (1899-1947ز) سەرۆکی دەستەیەکی مافیایی بوو، زۆر جاران دژ بە سەرمایەداران کاری مافیایی دەکرد، ئەو دەیگوت: "سەرمایەداری ئەو کارە ناپاساییەیە کە بۆ چینی دەسەڵاتدار داڕێژراوە". هەمیشەش هەر وا بووە، سیستەمی سەرمایەداری سەدان و هەزاران ڕێگا دەگرێتەبەر لە بەرژەوەندی خۆی و زیادکردنی سەرمایە، لەم ڕۆمانەدا لە دوو شوێن زۆر بەوردی و ڕوونی ئەوە خراوەتەڕوو کە چۆن سەرمایەداران بە بەرنامە هەوڵ دەدەن هەموو جووڵە و کردەوەیەک لە خزمەتی خۆیان و سەرمایەکانیاندا بەکاربێنن.

یەکەم: "ئەوە ئامانجی ئەو سیستمانەیە کە دەیانەوێت هاووڵاتی قەرزدار، هاووڵاتییەک وای لێ دەکەن پەلەی بێت بۆ ئەوەی دەستی بگات بە کەلوپەلی نوێ و خانوو، بەڵام لە بەرامبەریدا داهاتووی خۆی بە بارمتە دادەنێت، بەوەی دەبێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابێت قەرزی مۆبل و خانوو و ئۆتۆمبێل بداتەوە، ئەوان ئەو هەستەمان دەدەنێ کە خێرا ببین بە خاوەنی شتەکان، بەڵام ئێمە نازانین کە لە بەرامبەریدا خۆمان دەکەینە کۆیلەی خێرایی و دەبێت ڕاکەڕاکەمان بێت تا بتوانین مانگانە قەرزەکانمان بدەینەوە و لەناو تۆڕی قەرزدا دەمانبەستنەوە و ونمان دەکەن...ل173".

دووەم: "تا دێت کارگەکانی خواردنی خێرا و ناتەندروست لەزیادبووندان کە بەشێوەیەک دەڕازێنرێنەوە، کڕیار ئارەزووی لە کڕینیان هەبێت، پاشان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەڵەوی و مەترسیی ئەو نەخۆشییانەی لەو خواردنانەوە تووشی مرۆڤ دەبن، بەرهەمی تر دروست دەکرێن و هۆڵی وەرزش دەکرێنەوە و کێڵگەی بەرهەمهێنانی خواردنی ئیکۆلۆگی و سروشتی دادەمەزرێن...ل195".

بەم جۆرە ڕۆمانەکە ئەوە روون دەکاتەوە کە سیستەمی سەرمایەداری چۆن لە هەموو لایەک و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ سوود و قازانج لە مرۆڤەکان بپچڕێتەوە، بێ ئەوەی مرۆڤ زۆر جاران هەستی پێ بکات، یان هەستیشی پێ دەکات، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت، ناچارە بکەوێتە ناو تۆڕەکەوە.

جگە لەمانە، دەتوانین بابەتی دیکەش لە ڕۆمانەکە هەڵێنجین و قسەیان لەبارەوە بکەین، بۆ نموونە شەڕی ناوەخۆ و بێسەروشوێنبوونی مرۆڤەکان و کاریگەریی شەڕەکان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگا... بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە کە هەموو بابەتەکان دواجار لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەلێزانی لە خزمەتی خودی تەوەرە سەرەکییەکەدا بەکارهێنراون، کە ئەویش کارکردنە لەسەر پرسیاری ئەوەی ئایا ئەوەی دەژی ئێمە خۆمانین، یان چیرۆکەکانمانە؟!

*** هەنار و فریشتەی مردن، ڕاپۆرتێک لەبارەی مەحوییەوە (ڕۆمان)- عەتا محەمەد، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم (2018).**

## نووسەر و شانۆکار دانا ڕەئووف بۆ (رووداو):

# ئەوەی لای من گرینگە مرۆڤە نەک جوگرافیا و کات



دانا ڕەئووف ناوێکی دیاری ناو دنیای شانۆیە چ لە کوردستان کە ساڵانێکی زۆریشە بەجێیهێشتووە و چ لە وڵاتی دووەمی کە سویدە. ئەو لەپاڵ بەشداریی بەردەوامی لە کاری شانۆیی چ وەکو ئەکتەر و چ وەک دەرهێنەر، یان وتنەوەی وانە لە بواری شانۆ. بەم دواییە ڕووی کردووەتە نووسینی دەقی شانۆیی و (من و تۆ لەگەڵ با) یەکەم بەرهەمی ئەوە لەو بوارەدا کە لەم هەڤپەیڤینەدا باسی ناوەڕۆکەکەی دەکات.

**سازدانی: لیزا محەممەد**
**سلێمانی**

**رووداو: کەسایەتی ناو دەقی شانۆیی (من و تۆ لەگەڵ با) ئەم دەقە دەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەناو نووسەر و شانۆکاران. ئەو دوو کەسایەتیە کەسایەتي راستەقینەن، یاخود تەنها چیرۆکیکی خەیاڵییە و دوورە لە واقیعی دەوروبەری خۆت؟**

**دانا ڕەئووف:** هەموو نووسەرێک سوود لە ئەزموونی ژیانی خۆی وەردەگرێت، نووسەریش وەک هەر کەسێکی تر بەر خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان دەکەوێت و پێوەندی جۆراوجۆری بە دەوروبەر و کۆمەڵگە و خەڵکانێکەوە هەیە و هەبووە، بێگومان هەموو ئەمانە کەم تا زۆر و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لە نووسینەکانیدا دەبێت. گەر سەیری ئەدەبی جیهانی بکەین، نموونەی زۆر دەبینین کە نووسەرەکان بەرهەمەکانیان لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خۆیان دارشتووە. هەندێک نووسەرن هەن، هەر بۆ نموونە نووسەری سوێدی (ستریندبێرگ) هەر هەموو بەرهەمەکانی بیۆگرافیای خۆیەتی. بێگومان منیش بەدەرنیم لەمە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ پریشکی ئەزموون و ژیانی خۆمی تیایە.

**رووداو: حەزدەکەم لێرەدا ئەم پرسیارە تەقلیدییەتان لێ بکەم، ئایا نووسینی دەقەکە کاتێکی زۆری ویست؟**

**دانا ڕەئووف:** نووسین پرۆسەیەکی چڕ و سەخت و درێژە. جاری وا هەیە ئەو نووسینە تا چاپیش دەکرێت، نووسەرەکەی هەر گۆڕانکاری تێدا دەکات؛ بۆ من وا بوو، تا ئەو ڕۆژەی دەقەکەم نارد بۆ دەزگای سەردەم، من هەر کارم تێدا دەکرد. هەندێکجار نووسەرێک کارێکی گەورە بە ماوەیەکی کورت دەنووسێت و هەندێک بەرهەمی تریش ساڵانێکی زۆری ویستووە تا بە تەواوی فۆرمی خۆی وەرگرتووە و تەواو بووە، لەوانەیە هەندێک نووسین هەرگیز تەواو نەبن. من لەوەوبەر دەقی شانۆییم نەنووسیوە و ئەمە یەکەمجارە بەم شێوەیە دەق بنووسم، هەرچەندە لە هەشتاکاندا یەک دوو ئەزموونی زۆر ساکارم هەن، بەڵام ئاوا دەقم نەنووسیوە. دەتوانم بڵێم دەقەکە لەدایکبووی ڕەوش و بارودۆخێکی تایبەتی خۆم و کوردستانیشە. من هیچ پلانێکم نەبوو دەقێکی سێ بەشی یان چوار بەشی بنووسم، ئەوەی من نووسیم تەنها بەشی دووەمی دەقەکە بوو، ئەویش بە چەند کاتژمێرێک نووسیم. دوای ئەوە، ئەو بیرەم بۆ هات کە ژیانی ئەو ژن و پیاوە لە ماوەی چل ساڵدا و لە سێ بەشی جیاوازدا بنووسم. هەرسێ بەشەکەم بە هەفتەیەک نووسیوە، بێگومان دوای ئەوە بە بەردەوامی کارم تێدا کردووە.

**رووداو: لە دەقی شانۆیی (من و تۆ لەگەڵ با) باس لە سێ قۆناغی تەمەن دەکەی، ئەم جیاکردنەوەی قۆناغانە چی دەگەیەنێت؟**

**دانا ڕەئووف:** کارکردنە لەسەر چەمکی کات و ڕۆڵی کات لە ژیان و پەیوەندییەکانی مرۆڤدا. بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ کات سەختە و هەمیشەش جێگای سەرنجی نووسەران و هونەرمەندان بووە. هەڵبەت هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەقی شانۆیی چیرۆکێک لەخۆ دەگرێت و سێکوچکەی چیرۆکیش بریتییە لە کارەکتەر و ڕووداو و زەمەن. لێرەدا، ئەوە زەمەنەکەیە شوناسی کارەکتەر و ڕووداو و پەیوەندیی نێوانیانیان دەردەخات. بۆیە کاریگەریی زەمەن لەسەر ڕەوتی ڕووداو و بەرەوپێشچوونی کارەکتەر چ لە دیوی دەرەوە و چ لە دیوی ناوەوە، ڕاستەوخۆ و گرنگە، بەڵام ئەوەی لەم دەقەدا گرنگە، ئەوەیە کە زەمەن، سەرەڕای بەسەرچوونی، کاریگەریتیی ئەوتۆی بەسەر ئەو هەستەوە نییە کە لە دەرووندا جێگیر بووە. بۆیە دەبینین، ئافرەتێکی جوان پیر دەبێت؛ ئەو خۆی تەنها ئەوە دەبینێت کە بەسەرچووە، ئەوانیتر تەنها ئەوە دەبینن کە ماوە، واتە ڕوخسارە پیرەکە. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر شت هەن، بۆ نموونە لە هەست و هۆش و مەسەلە دەروونییەکان و پێوەندییەکانماندا وەک خۆیان دەمێننەوە و کات ناتوانێت هیچ کاریگەرییەکیان لێ بکات. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک بیست ساڵ لەمەوبەر کچێکی زۆر خۆشویستبێ، ئەم خۆشەویستییە سەرەڕای تێپەڕبوونی کات، وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. ئا لێرەدا، کات هیچ کاریگەرییەکی بەسەر هەست و هۆشمانەوە نەبووە بۆ ئەو کەسە و ئێستایش بە هەمان شێوە خۆشماندەوێت. لای من کە لە پیرییەوە دەستپێدەکەم، سەیری ئێستا دەکەم، کات تێپەڕیوە و زۆر شت گۆڕاوە و زۆر شت ڕوویانداوە، کارەکتەرەکان پیر بوونە و لە دوا وێستگەکانی ژیاندان، بەڵام لە زۆر ڕووەوە کە قۆناغ بە قۆناغ دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانیان، بۆ ئەو کاتانەی گەنجن و تازە یەکتر دەبینن، لەڕووی هەست و هۆش و پێوەندییەکانیانەوە هەروەک یەکن و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە.

**رووداو: لە هەمان دەقدا دوو کەسایەتی بە بینەر دەناسێنرێن کە بریتین لە ژن و پیاوێک، هاوکات (با) ڕۆڵێکی تایبەت دەبینێ، دەتوانرێت بگوترێت (با) کەسێکە یاخود بارودۆخێکە، یانیش مەبەست لە خودی (با) یە؟**

**دانا ڕەئووف:** با دیاردەیەکی سروشتە کە هەمیشە لە جووڵەدایە و سمبولێکە بۆ هێزی سروشت. با ڕیتم و مۆسیقایە و دەنگی تێدایە. من نامەوێت لێرەدا هیچ شیکارییەک بۆ سیمبۆل و کۆدەکانی دەقەکە بکەم، ئەمە بۆ کەسانی تر بەجێدەهێڵم، بەڵام (با) پێوەندی بە زەمەنەوە هەیە، زەمەنی پێوەندییەکانی ژن و پیاوەکە کە بۆ چل ساڵ درێژ دەبێتەوە و لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی ژیانی ئەم دوو کەسەدا دێت و دەچێت، دەیانهێنێت و دەیانبات. زۆر جار ڕێککەوتووە ڕەشەبایەکی توند، درەختێکی گەورەی لەبن دەرهێناوە، بەڵام ئەم دوو کارەکتەرە، لەگەڵ هەموو کێشەکان و هێزی سروشت و گڤەی بادا، پێکەوە ماونەتەوە. من نەدەتوانم و نە دەشمەوێت لەمە زیاتر لەسەر ئەمە بدوێم، با ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن، نهێنی و سیمبولەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

**رووداو: بەڵام بۆچی (با) لە دەقە شانۆییەکدا دەبێتە کارەکتەر؟ بۆچی خۆر نا، بۆچی باران نا؟ بۆچی با؟**

**دانا ڕەئووف:** وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، با دیاردەیەکی سروشتییە کە هەمیشە لە جووڵەدایە. ئەو دوو کارەکتەرەش ناسرەون و لە جووڵەیەکی بەردەوامدان، سووڕی ژیان و پێوەندییەکی چڕ و زەمەنیش ئاوێزانی ئەو جووڵە بەهێزە بووە. دەکرێت من بۆ خۆیشم پێوەندییەکی تایبەتم لەگەڵ با دا هەبێت. من لە سلێمانی گەورە بووم و سلێمانیش شارێکە هەمیشە با و ڕەشەبا ئامادەییەکی بەهێزیان هەبووە، لەوە دەچێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک منی دابێتە دەست با و ئێستا خۆی لەگەڵ (با) ڕۆیشتبێت و منی جێهێشتبێت؟ هەڵبەت بارانیش وەکوو با دیاردەیەکی سروشتییە و دەشێت لە دەقێکی شانۆییدا بەپێی شوێن و هەڵکەوتەکەی ڕۆڵی پۆزەتیڤ یا نەگەتیڤی هەبێت. بەڵام، سەبارەت بە خۆر، پێموایە ئەویش هەر پەیوەندی بە زەمەنەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێ ئەو حاڵەتانەی پەیوەندییان بە خۆرەوە هەیە، وەکوو حاڵەتی خۆرئاوابوون، خۆرهەڵاتن، خۆرگیران . . . تاد، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریی خۆیان هەبێت.

**رووداو: پێنەدانی ناوێکی دیاریکراو، دیارینەکردنی کات، ئەمانە خەسڵەتی دەقە شانۆییەکانتن. بێگومان ئەمە ئازادییەکی زۆر دەدات بە خوێنەر بۆ خەیاڵکردن لەگەڵ خوێندنەوەی دەق، هەروەها بۆ دەرهێنەرێک بیەوێت ئەم دەقانە نمایش بکات، هیچ هۆکارێک بۆ ئەمە هەیە؟**

**دانا ڕەئووف:** هەر خۆت وەڵامی پرسیارەکەت داوەتەوە، بێگومان ئازادییەکی تەواو دەدات بە خوێنەر و بەو دەرهێنەرەی دەیەوێت کاری تێدابکات. پرسیارەکەت گەلێک باشە و خۆ نەبەستنەوە بە کات و شوێنەوە گرفتی زۆرت بۆ چارەسەر دەکات، ئەمە جگە لەوەی دەکرێت ئەو کارە لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، بەبێ کێشە نمایش بکرێت. کات و شوێن بۆ من هەمیشە کراوە بووە و لێرەشدا ویستوومە زیاتر ڕەوشە مرۆیی و دیدە جیهانییەکەی پێ ببەخشم. ئەوەی لای من گرینگە مرۆڤە نەک جوگرافیا و کات. هەمیشە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان ڕەوش و بارودۆخەکان دروست دەکەن، نەک شوێن و کات.

**رووداو: وابزانم ئەمە یەکەم دەقی شانۆییە بینووسن، ئایا بەردەوام دەبیت دوای ئەم ئەزموونە؟**

**دانا ڕەئووف:** بەڵێ ئەمە یەکەم دەقی شانۆییمە و لەوەوبەر زیاتر بە نووسینی لێکۆڵینەوەوە خەریک بووم. نازانم چەندە بەردەوام دەبم، خۆم حەزدەکەم دەقی تر بنووسم و دوای (من و تۆ لەگەڵ با) دوو دەقی ترم نووسیوە کە دەبنە تەواوکەری (من و تۆ لەگەڵ با) و پێکەوە سێینەیەک پێکدەهێنن کە لەوانەیە ساڵی ئایندە بڵاوبکرێنەوە.

**رووداو: دەکرێت ئەم دەقە لەناو لاپەڕەکانی کتێبەکە بێتە دەرەوە و لەسەر شانۆ نمایش بکرێ؟**

**دانا ڕەئووف:** بێگومان دەکرێت. من لە پێشەکییەکی زۆر کورتدا کە بۆ دەقەکەم نووسیوە، ئەو سەربەستیەم داوە بەو کەسەی لە ئایندەدا دەیەوێت کار لەم دەقەدا بکات، بۆ نموونە یەک بەشیان بکات، یان هەرسێکیان پێکەوە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە، ئەو کەسەی کار لەم دەقەدا دەکات، چ ئەکتەر و چ ڕیژیسۆریش، دەبێت لە دەقەکە بگات؛ لە بێدەنگیی نێوان کارەکتەرەکان و لە ماناکانی ئەودیوی وشەکان و لەو ستراکتورە سایکۆلۆژییەی کارەکتەرەکانی لەسەر ڕۆنراوە، تێبگات. دەبێت لە وشەی (با) بگات و بزانێت چۆنی بەرجەستە دەکات و کۆد و ماناکانی با بدۆزێتەوە.

**رووداو: وەرگرتنی خەڵاتی دیداری فیلمی کوردی لە سوید چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ناساندنی کارەکانت؟ وەرگرتنی خەڵاتێکی لەو جۆرە بۆ هەر نووسەرێک گرنگی چییە؟ ئەوەی نووسەر و شانۆکاری کورد بەدوایدا وێڵن خەڵاتە یان ناساندنی سینەمای کوردە بە جیهان؟**

**دانا ڕەئووف:** لەو بڕوایەدا نیم ئەو خەڵاتە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر کارەکانمەوە هەبێت. ئەوان ئەو ڕێزەیان لەبەر کارەکانم لە من ناوە. من سوپاسێکی زۆری کۆمەڵەی هونەری کوردی و دیداری پێنجەمی فیلمی کوردی دەکەم، کە بەو شێوەیە منیان بەسەرکردەوە. بێگومان خۆشحاڵی کردم. ئەوان لەوەبەر ئاگاداریان نەکردبوومەوە و بۆ من چاوەڕواننەکراو بوو. من نەچووبووم بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، بەڵام ئەوان ئەو ڕێزەیان لە من نا، منیش لەناخی دڵەوە سوپاسیان دەکەم. من هەرگیز بە دوای خەڵاتدا نەگەڕاوم و تا توانیبێتیشم لەو جۆرە بۆنانە دوورکەوتوومەتەوە. خەڵات بۆ من هیچ ناگەیەنێت. ئەوەی ئەو برادەرانەیش کردیان، پێزانینیان بووە بەو هەموو کارەی لە بوارەکەی خۆمدا کردوومن. سوپاسیان دەکەم.

**رووداو: نووسەر و شانۆکارەکان کاریان گەیاندنی پەیامێکە کە لەناو خەڵکەوە هەڵدەقوڵێ، بۆ نموونە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بارودۆخە سەختەکانی کۆمەڵگەکانیان. تۆ ساڵانێکی زۆرە لە کوردستان ناژیت، ئایا نووسینەکانت ئاوێنەی کۆمەڵگەی کوردین، یاخود ئەم کارانەی تۆ پەیوەست نین بە وڵاتێک و بە شارێکەوە، بەڵکوو جیهانین !**

**دانا ڕەئووف:** من لەو دەقانەی تاکو ئێستا نووسیومن پابەند نەبووم بە هیچ کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوەی من نووسیومە دوورە لە کێشە و گرفتەکانی کومەڵگەی خۆمانەوە. کەسانێکی زۆر پێوەندییان بە منەوە کردووە کە خۆیان لەو دەقانەی مندا بینیوەتەوە. ئەوەی من نووسیومە و ئەوەی من مەبەستم بووە، گوزارشتکردن بووە لە هەست و سۆزی مرۆڤ و ڕەوشە مرۆڤایەتییەکان. ئێمە هەموو مرۆڤین و لە زۆر ڕەوشدا بەشدارین و هەمان هەست و سۆزمان هەیە، بە تایبەتیش لەو مەسەلانەدا کە پێوەندییان بە سۆزداریی نێوان مرۆڤ و هەست و هۆشمانەوە هەیە. ژیانی تاراوگە و تێکەڵبوونم بە کۆمەڵگەی ئەوروپی و شانۆی جیهانی و کارکردنم لە شانۆکانی سوێد، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە.

**رووداو: لە ماوەی رابردوودا کتێبێکی ئێوە لە زمانی سویدییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی. سەرەتا با بپرسم بۆچی بە زمانی سویدی نووسراوە؟ لەوەش گرنگتر بۆچی خۆت وەرتنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی! ئایا لە وەرگێرانەکەی (کەریم تاقانە) ڕازیت؟ بەڕای تۆ کەس دەتوانێت وەک خودی نووسەر دەق دروستبکاتەوە؟**

**دانا ڕەئووف:** ئەو کتێبە دیوانێکی شیعرە و پێش زیاتر لە پانزە ساڵ نووسراوە و دەزگایەکی سوێدی چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. دیوانەکە ڕاستەوخۆ بە سوێدی نووسراوە، ئەوەی ڕاستی بێت بە پلان بە سوێدی نەنووسراوە و خۆی لەخۆوە بە سوێدی لەدایکبوو. لەوانەیە پێوەندییەکی بەهێزی بەو قۆناغەی ژیانمەوە هەبێت. لەو ساتانەدا لە هەڵکشان و داکشانێکی دەروونیی سەیردا دەژیام، هاوکات پێوەندییەکانم بە دنیای ئافرەتەوە ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە نووسینی ئەو تێکستانەدا. دەتوانم بڵێم تێکستەکان ئەزموونی ژیانی خۆمن، تێکەڵەیەکی سەیرن لە پێوەندی خۆشەویستی، تەنیایی، ژیانێکی سەختی ژێردەستەیی، بە تایبەتی گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو ڕۆژانەی لە بەغدا بەند بووم و چارەنووسێکی نادیارم هەبوو. کاک کەریم تاقانە کە خۆی هەم شاعیرە و هەم زمانزان و وەرگێڕێکی بەسەلیقەشە، شیعرەکانی کردووە بە کوردی. من هەرگیز نەمدەتوانی بەو شێوەیە بیانکەم بە کوردی، ئەو زمانە پاراو و پڕ لە شیعرەی تاقانە، بەرگێکی جوانیان بە تێکستەکان بەخشیوە. بێگومان مەسەلەی وەرگێڕان پرۆسەیەکی چڕ و سەختە و بە هەموو کەس ناکرێت، هاوکات هیچ کەسێکیش هەر لەبەر ئەوەی دوو زمان دەزانێت نابێتە وەرگێڕێکی باش.

**دوو دەقی ترم نووسیوە کە دەبنە تەواوکەری (من و تۆ لەگەڵ با)**

**لەو دەقانەی تا ئێستا نووسیومن خۆم پابەند نەکردووە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە**

### دانا ڕەئووف

**- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئەزموونگەری لە سلێمانی**
**- لە هەشتاکانەوە دەنووسێت و لە بواری شانۆدا چالاک بووە تا لە کوردستان دەرچووە.**
**- تا ئێستا 29 کتێبی بڵاوکردووەتەوە کە سێیان بە سویدین.**
**- لە ساڵی 1993 وە لە سوید نیشتەجێیە و ئێستا لە ستۆکهۆڵم دەژی**
**- لە گرینگترین دەزگا شانۆییەکانی سوێد، وەک شانۆی پادشایی، شانۆی دەوڵەت و شانۆی گەل کاری کردووە. ئەمە جگە لەوەی بۆ چەندان ساڵ خاوەنی تیپی شانۆیی خۆی بووە لە ستۆکهۆڵم کە وەک ئەکتەر و ڕێژیسۆر کاری کردووە.**
**- بۆ چەندان ساڵ لە ستۆکهۆڵم، لە پاڵ چالاکییە شانۆیی و کولتوورییەکانیدا، مامۆستای شانۆ بووە.**
**- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوێد و شانۆکارانی سوێدە.**

# ئازاد سوبحی شاعیرێك لە شارێكی دژە ئەفلاتونیدا



نیهاد جامی



گەر تائێستا ئێمە بەو دیدە ئاشنابین کە ئەفلاتون شاعیران لە کۆمارەکەی دەکاتە دەرەوە، ئاخۆ دوای ئەو دەرکردنە شاعیرەکان ڕوودەکەنە کوێ؟ ئاخۆ وەک گەڕیدەیەک بەدنیادا دەگەڕێن، ئەزموونی بێ شاری تاقی دەکەنەوە؟

ئەو ڕوانینە بۆ گەڕان بەدوای شارێکی شاعیرانە پێویستی بە گوتارێکی خەیاڵی هەیە بەر لە شیعری، ئێمە بەزەحمەت ڕووبەڕووی ئەو دۆخە دەبینەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە دۆزینەوەی شارێک وەک ئەڵتەرناتیڤی کۆماری ئەفلاتون پێویستی بەگوتارێکی شیعری هەیە، لە دەرەوەی هەستی شاعیرانە هەڵگری پرۆژەی بیرکردنەوە بێت لەڕێگەی شیعرەوە.

ئازاد سوبحی، ئەو شاعیرەی بانگەشە بۆ ئەو شارە ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە ناو سرووشت، وەک مرۆڤی سەرەتایی، پەیوەندی ئەو مرۆڤە لەتەک سرووشت ئەزموون دەکات، تا ئاستی گەڕانەوە بۆ سرووشت.. دۆزینەوەی شارێکی شاعیرانە بێت، بەبێ ئەوەی دوور و نزیک بەرەو دیدی ئەفلاتونی هەنگاو بنێت، سوبحی شاعیرێکە دەمارگرژی و تووڕەیی دژە ئەفلاتونی تێدا نییە، بۆیە دڵشکانی خودی دەگۆڕێت بۆ گەڕان بەدوای شارێکدا کە مانای بەهەشت ببەخشێتە ئەو بۆ مانەوە و بەردەوامی.

کوێ ئەو شارەی ئەو دەیەوێت بیدۆزێتەوە، بانگەشەی گوتاری فیکری نییە، هێندەی زادەی تێکستێکی شیعریە بەناوی "درەختێک لە بەرد"، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ، خود لەوە دەردەکات، بەتەنیا خودی شاعیرێک بێت کە شیعر دەنووسێت، بەڵکو ئەو خودە بووەتە کۆدەنگی مرۆڤ، دەنگی ناو شیعر، مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤە لەسەرەتای خوڵقاندن و بوونی، بێزاربوونی ئەو هەستێکی ئاکاری شاعیرێکە کە ژیانی خۆی بەژیانی هەموومان دەزانێت، ئەو گەڕانەوەیە بۆ دۆخی قوڕبوون گەڕانەوەیە بۆ تێگەیشتنە بەراییەکانی چیرۆکی یەکەمین مرۆڤ، بۆ مەرگی مرۆڤیش لەناو ئەو هەموو وێرانیە، زمان بووەتە کەناڵی پەیوەندیی نێوان ئادەم و سوبحی، چۆن قوڕی ئادەم بەهی خۆی دەزانێت، ئاواش وردوخاشکردنی ناوی خۆی بەهی ئادەم تێدەگات، ئەوە کۆتاییەکە بۆ کەوتنی بەها لە شوێن، ئەو دەمەی بوون مانایەکی نامێنێت و بەزمانی شاعیر گوتەنی «ئاهەنگ بۆ دەنگە پووچەکان دەگێڕێ» هێمنییەک نییە بۆ بیرکردنەوە، دەنگە پووچەکان بەرەوڕووی لەخۆبایی بوونەتەوە لەساتی بێدەنگییەکی قەرەباڵغدا، ئەو شاعیریەتەی سوبحی لەو ساتەدا لەدواهەمین وێنەی سوکرات دەچێت لەساتی ژەهرخواردکردنی، شیعر لێرەدا لەو ژەهرە دەچێت کە نەمرییەکی سوکراتیانە بۆ شاعیر بەرجەستە دەکات، لێرەوە شیعر لە وێنەی ڕەوانبێژییەوە نامێنێتەوە و وەک پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی زمان هەنگاو دەنێت.

بۆیە گەڕانەوە بۆ سەرەتا، گەڕانەوەیە بۆ ناو دۆخێکی بەرایی بوون، بەر لەبوونی ئاخاوتن و وشەش، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتایەک لەڕێگەی دڵەوە، دڵ دەبێتە ئاماژەیەکی شیعری بۆ بوونی ئێمەی مرۆڤ کە تیایدا خواوەند ئازادیی خۆی لەئێمەدا دەرخستووە، ئەوە وێناکردنێکە بۆ چۆنیەتی خولقاندن و پرۆسەی بەر لە ئامادەبوونی مرۆڤ، کە خواوەند لەڕێگەی ئامادەنەبوونی ئێمەوە ئازادیی خۆی دەبینێت و ئێمە دەگۆڕێت بۆ ئامادەبوون، لێرەدا هەستکردن بە بوون، لەمانایەکی فراوانی بووناسییەوە «ئەنتۆلۆژی» نەوەک مانایەکی تاکخوازی زمان بۆ شاعیرێک، بوونێک وەک ئاستی خودگەرایی بۆ شاعیر مانایەکی نەماوە، ئەوەش کوژرانی خەونە، مرۆڤ کە خەونی تێدا کوژرا، ئیدی نائومێدی لەشوێنی خەون دەردەکەوێت، خەون بە نیشتیمانەوە وابەستەی فانتازیاکانە، نەوەک پابەند بێت بە ئامادەبوون لە شوێن، ئەوە دۆڕاندنی ئازادیی ئێمەیە، لێرەدا گەر بڕوانین خوداوەند ئازاد بوو، بۆیە توانی ئێمە بێنێتە بوون، ئێمە کە ئازاد نەبین بوونێکمان نییە، ئامادەنەبوونی بوون لەو گوتارە شیعریەدا پەیوەستە بە لەناوچوونی شاعیر کە بە نەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان ناوی دەبات.

ئەوە گەڕانەوەیە بۆ شیعر و ڕامانە شاعیرییەکان، ئەو لێرەدا ئەو شوناسە شاعیریەتەی تێدا دەردەکەوێت کە لەپێناو نووسین شیعر نانووسێت، بەقەد ئەوەی ڕامان لە سرووشت و پەیوەندیە بەراییەکانی سرووشت، شوێنێکی زمانەوانیە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ، چونکە ئەوانەی نیشتیمان لەژێر ناوی سەروەری دەکەنە ناوێکی لەخۆبایی بۆ مانایەکی قەڵەو، ئەوە چەندە وێرانکردنی نیشتیمانە، هێندەش بوون دەکەن بە دیوار، بەدیوارکردنی بوون، گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووشت.

لێرەدا ئامادەبوون لەشوێن بونیادە جوگرافیەکەی واقیعە و بونیادە زمانەوانیەکەی خەیاڵە لەڕێگەی زمانی شیعرییەوە، تیایدا شاعیر لەودیو مانای دیوارەوە بەناو مانا خەیاڵیەکەیدا دەگەڕێت، دۆزینەوەی دیوارێکی ڕوونە کە نەچێتەوە سەر مێژووی قوربانی و ماناکانی پیرۆزی بۆ نیشتیمان.

کۆتایی خەون، مەرگی ئاگایی ئێمەیە لەناو بونیادە واقعیەکەیدا، لەو کاتەدا نائاگایی زمان بونیادە خەیاڵیەکەمانە، ئەوە دنیای شاعیریانەیە کە لە واقیع و ئاگایی جیا دەبێتەوە، هەموو خەون و ئازادیەکانی بۆ ناو بونیادە جوگرافیەکەی شتێک نییە جگە لە شێتی، لێرەدا شێتی گەر پلەیەک بێت لەودیوی عەقڵەوە، ئەوا شاعیرەکەی ئێمە لەدەرەوەی ئاگایی عەقڵەوە خەون دەبینێت، بۆ جێهێشتنی شوێن، بەهیچ جۆرێک ئەوە هەستکردنی سوبحی نەبووە بە مردنی خود، بەقەد ئەوەی ئینتیمای شاعیریانە بووە بۆ نائاگایی زمان، کە چوونە نێو دڵی زەمین هەستی ئیمپراتۆریەتبوونە، گەڕانەوەی ناو سەرەتایەکی شتراوسیانەیە بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، بۆ بوون بە وەحشییەکی غەمبار و دەگمەن.

بێزاربوون لە تەمەن.. بێمانایی خودی ژیان نییە، بەڵکو شێواندنی خەونی ژیانە، زمان لەو گوزارشتە گەڕانەوەیە بۆ دنیای منداڵی، لەڕێگەی گەمەکردن بە گەڵا کۆنەکان، دیارە ئەو ئاماژەیە پەیوەندی شاعیرە بە زەمەنێکی دێرینەوە کە مێژووی هاوڕێیەتی ئەوی تێدا دەستپێدەکات، ئەوە ساتی هاوبەشی ژیان و مردنی شاعیر و سرووشتە.

سوبحی وەک شاعیرانی سرووشت دیدی خۆی لەم تێکستە بۆ سرووشت دەکاتەوە، ئەگەر گۆران شاعیرێک بێت لەڕێگەی قەسیدەوە بکەوێتە ستایشکردنی سرووشت، ئەو سرووشتە بۆ شێرکۆ بێکەس بەهۆی تراژیدیای نەتەوە لە قەسیدەی "دەربەندی پەپوولە" دا بکوژرێت، ئەوا سرووشت بۆ ئازاد سوبحی ئارامترین شوێنە کە هەموو ساڵێک ئاهەنگی یادی ڕۆژی لەدایکبوونی بۆ دەگێڕن، ئەوە وایکردووە درەختەکان بەهاوڕێی خۆی بزانێت.

ئەو نەمامێکی گرینۆکی نێو ژیان بوو، دۆڕاندنی چەمکی هاوڕێیەتی، گۆڕیویەتی بۆ درەختێکی شەرمن، ئەوەش سەرەتای هەستێکی نێو سرووشتە، کاتێک بینیویەتی هاوڕێیەتی درەختەکان گەورەی دەکەن و منداڵیی پێ دەبەخشنەوە، بەڵام دەزانێت منداڵێکی پیرە کە خۆی بە منداڵێکی هەشت نۆ ساڵانی سەروریش سپی ناوی دەبات.

لە شیعری نوێی ئێمەدا بەتایبەت دوای ئەزموونی شێرکۆ، گەڕانەوە بۆ سرووشت لە مانا گۆڕانییەکە دەرنەچووە کە مانایەکی ستایشئامێز بووە، وەک چۆن مانا شێرکۆییەکە لەدەستدانی بەها و جوانیی سرووشت بووە، سروشت وەک کوژراوێک دەرکەوتووە.

پەیوەندیی شاعیر و سرووشت، پەیوەندیی زمان و دارستانە کە بەشداری لە پرۆسەیەکی دۆنادۆنی یەکتری دەکەن، تا ئاستی ئەوەی دەفتەری یادگارییەکانی ڕۆژەکانی تێدا تۆمار نەکردووە، ئەوەش لەبیرکردنێکە، دەشێت لەبیرکردنێکی ئەنقەست بێت، تاوەکو ئەو لەناو سرووشت لەدایک بێتەوە، باران گەڵاکان بۆ ناو ئەو دەفتەرە هەڵفڕێنن.

گەڵاکان چیرۆکی باران دەنووسنەوە، کە باران و شاعیر لێرەدا بەیەک دەگەنەوە، بەهۆی ئەوەی تامی باران دەچێتەوە سەر فرمێسک، ئەوەش گریانی هاوبەشی مرۆڤ و سرووشتە،، هەمیشە بۆ شاعیر وێنەی سرووشت لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، ئەوە دڕدۆنگیی زمان و ناجێگیربوونی دۆخێکی دەروونیە کە جوانی سەراسیمەی دەکات، وێنەیەکی جێگیری پێ نابەخشێت.. کە دارستان وەک شانۆیەک دەبینێت، شانۆیەک وێنە و دیمەنەکانی گوزارشت لە سرووشت بکات، ئەوە ترسە لە کۆتایی ئەو پەیوەندییە، وەک نمایشێکی شانۆیی کۆتایی بێت.

ئەو دنیا نائاگاییە مرۆڤ دەکات بە درەخت، بەڵام بەر لە شاعیرە خەیاڵییەکان، ئاسنگەر و ئەندازیارەکان چەند سەدەیەک پێشتر بۆی دەچن، ئەوان کە لە ئایندەوە هاتوون بۆ ناو جیهانێکی کۆن، کە کتێبی کۆنە وەک دەلالەتی مەعریفە، ئەوە ئاسنگەر و ئەندازیارەکانن کتێبە کۆنەکە دەکەن بە شاری بەهەشت.

ئازاد سوبحی شارێکی دژە ئەفلاتونی دروست دەکات، ئەگەر ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا شاعیران دەکاتە دەرەوە، ئەوا سوبحی چووەتە ناو شارێکەوە خەونی بەهەشت و خەیاڵی، ئاسنگەرەکان لەم شارەدا پیشەی خۆیان مومارەسە دەکەن، دەنگی ئاسنگەرەکان کە "وتیان بە ئاگر ئاسن دەکەین بە ئاو" دڵنیایی بەخشینی شاعیرە لەشاری بەهەشت.

ئەندازیارەکان لەڕێگەی نەخشە و خەیاڵەوە بەشداری لەدروستکردنی بناغەی شارێکدا دەکەن، زادەی دنیای نائاگاییە، شارێک وەک ئەندازیارەکان باسی دەکەن، پێویستیان بە بەرد و ئاگری پیرۆزە.

پاکیزە زەمینەی پەیوەندیی شوێن دەخولقێنێت، تاوەکو بەخەونی زەوتکردن و گوناهکردن لەو شارە دەستپێنەکەین، ئەوەش پێداچوونەوەیە بە یادەوەری و زەمەن، لەڕێگەی نەخشەیەکی ڕەشەوە کەوا لە گیرفانی نهێنیی شەو دەریکردووە، یاری منداڵان و ڕەنگکردنی نەخشە بەقەڵەمی پاستیل، سەرەتای بونیاتی زەمینی شارێکە لەڕێگەی پاکیزەییەوە، لێرەدا گەورەبوون خەونێکە وەک یارییەکی منداڵانە دەرکەوتووە، خەونێک لە گەورەبوون دەستکاریی نەخشەی دنیا دەکەن.

بنیاتی شارەکە لەسەر بنەمای نەخشە و خەونی منداڵەکان، بۆیە پاکیزەیی و ڕەنگ وێناکردنی شاری شاعیرەکانە، کە پاکیزەیی داگیری بکات، وەک چۆن ئەوەی شاعیرەکەمان بەدرێژایی قەسیدەکە لەگەڵی دەڕوات، پەیوەندیی مرۆڤ و سرووشتە، پەیوەندییەک لە دەرەوەی سنوور، بەپێی شەریعەتی خەیاڵ وێنای ژیان دەکات.

لێرەدا لەم شارە نوێیەدا گوڵ و باران دوو ئاماژەی ڕوونی ناو ئەو پەیوەندیەن لەگەڵ مرۆڤ، شاعیر دەیەوێت لەگەڵ گوڵ بچێت بۆ ئاسمان، ئاسمان دەستبەرداری ئەو وێنەیە نەبووە، خودا لە ئاسمانە و گوڵ بەدڵنیاییەوە باس لەوە دەکات، خوا گوڵی خۆشدەوێت، بەواتای سەفەری بێ سنوور لەگەڵ گوڵ بۆ ئاسمان، بەرهەمهێنانەوەی جوانی و چێژە، ئەوە چێژی خۆشنوودیی ڕۆحی مرۆڤە، بۆیە خۆ ڕووتکردنەوەش لەگەڵ باران و تلدان لەناو چیمەنەکان، کاتێک چۆلەکەکان لەسەر پشتی خۆیان دەشۆن، چەندە وێنەیەکی شیعری ئاستبەرزی زمانە، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی فیکریی مرۆڤە لەشاری خەوندا، شاری خەیاڵ، ئەو شارەی سوبحی دەستبەرداری ئەو گومان و دڵەڕاوکەیە نابێت، بەوەی قسەی گوڵەکەی خەیاڵە، خوا گوڵی خۆشدەوێ.

ئازاد سوبحی شاعیری ساتی دڵنیایی نییە، بەڵکو شاعیری ناو ساتە گوماناوییە تاکخوازیەکانە، ئەو گومانە لەناو ڕامانە شیعریەکانی، وێنای شاری خەونەکەشی کردووە.

ئەو دنیا نەستیەی شارە خەیاڵیەکەی شاعیر، خاڵی نییە لە گومان، هێندەی گومان بەشێکی سەرەکی ناو ئەو گوتارە شیعرییە، لە وێنەیەکی شیعریی باڵا دەگاتە ئاستی فیکری، بەوەی گومانی هەیە لەوەی لەنێوان ئازادی و شێتی چەند مردوو کەوتوون، ئازادی و شێتی دوو دنیای خەیاڵی ئەو شارەن، وەک دوو ئاو لەدنیابینی شیعری شاعیر دەیانبینێت، ڕەنگە تەنیا مەلەوانێکی وەحشی ڕووت بتوانێ ئەو دوو ئاوە لەیەکتر جیا بکاتەوە، ئەو مەلەوانە ئەو مرۆڤەی ناو سرووشتە کە خۆی بەڕووتی بە باران دەسپێرێت، ئەوەش دەرکەوتنی مرۆڤە، وەک مرۆڤی باڵای نیتچەیی، لەو شارە ئەو مرۆڤە سوپەرمانییە دەردەکەوێت.

ئازادبوون.. چەمکێکی جەستەیی هەیە، دەبێت ئازادی لەو شارە خەیاڵیەدا لەجەستەوە دەستپێبکات، ئەوەش پێویستی بە بوێری هەیە، ئەو مرۆڤە سوپەرمانیە وەک وەحشی ناو دارستان ناودەبات، مرۆڤێکە خۆی دادەماڵێت لە درۆکانی ناو مێژوو، ئەوە خاڵیکردنەوەی مرۆڤە لە ستایشی درۆزنانەی ناو مێژوو، ئەو خۆخاڵیکردنەوەیە پرۆسەیەکی پاکژبوونەوەیە کە لە تراژیدیای گریکیدا بە "کاتاریس" ناودەبرێت، لەم قەسیدە شیعریەدا شاعیر لەڕێگەی چوونە قووڵایی دەریا هەستی پێدەکات، ئەو وێناکردنە زمانیە دەرککردنە بەشێتیی خەون، بۆیە ئەوە ترسە لەتەنیایی، لەساتی ڕۆیشتنی ئاو و گوڵ بۆ ئاسمان.

سوبحی درک بەوە دەکات، زمان بەرەو قووڵایی شاری خەونەکان، شارە ئەڵتەرناتیڤە ئەفلاتونیەکەی بردووە، بۆیە دۆزینەوەی ئەو شوێنە نوێیە زادەی پەیوەندییەکی شیعری و ئازادیی زمانە، ئەوەش وای کردووە شێتی و ئازادی ببنە ئەو دوو چەمکەی وەک کوژراو دەیانبینێت، ئەوەش وابەستەی ئەو ترس و گومانەیە کە کۆی تێکستەکە بەرنادات.

ئازادی کە بەدەستی کۆمەڵگا دەکوژرێت، دەبینین مردووەکان و بکوژەکان و جەللادەکان و پیاوە دڵڕەقەکان وێنەی لەتەکدا دەگرن، ئەو لۆژیکە تێکستەکە بەرەو ئازادیی زمان دەبات، لە شوێنێکی تایبەت دیلی ناکات، ئەوەش وابەستەی تێگەیشتن نییە لەدنیای شاعیر، بەقەد ئەوەی ئیشکردن و گەڕانی زمانە بەناو ئازادیدا کە ڕەهەندێکی ناکۆتای پێ بەخشیوە. ئەوەش شوناسی بوون بە پەیوەندییەکان و زەمەن و چەمکەکان دەبەخشێت، لێرەدا زمان لەبەردەم (یاخیبوون) لە گەمەیەکی زمانەوانیدا، بوون لەیاخی دەسەنێتەوە، وەک ئامادەبوویەکی سەربەخۆ سەیری دەکات، ئەوە پاشگری بوون نییە، شوناس بە یاخی دەبەخشێت، بەڵکو ئەوە کۆی ئەو قەهرەیە ئەوی تێدا غەمبار کردووە بۆ ڕوانینە دەریا، دەستکاری ناوماڵ دەکات.. دەیەوێت ئەو سیستمە تێکبدات، دەکەوێتە دووڕیانی "یان خۆی بکوژێ یان خەڵک".

ئەوە ئەو نازەمەنیەتەی زمانە بە پەیوەندییەکان لە شوێندا، بۆیە ئەوە ئاخاوتن نییە دەبێتە خولقێنەری زمان، بەڵکو بونیادی زمان خۆیەتی، ئاخاوتنیش تەنیا لقێکی ئەو زمانەیە، وەک لەدەرکەوتنی پەپوولەیەکی لاڵ کە دەبێت زمانی نەبێت، بەڵام ئەو ئاخاوتنی نییە نەک زمان، بۆیە لەڕێگەی باڵەکانیەوە قسە دەکات، ئەو لۆژیکە شیعریە، پەیوەندی نێوان پەپوولە و گوڵە، پەیوەندیەک وابەستەی عیشقێکی ئەزەلیە، گوڵ ئەو نهێنیە تێدەگات، ئەوە عاشقە سەرمەستەکانن دەتوانن لە نهێنیی ئەویتری دۆست تێبگەن، لێرەدا ئەوە زمانە عیشق چڕ ناکاتەوە لەناو پەیوەندی مرۆیی، ئەو دیدە ڕۆحیە بۆ جوانی وابەستەی شوێنە نوێیەکەی شاعیرە.

بەمێژووکردن شتێک نییە بۆ شاعیرێک لەو شوێنە نوێیە گرنگی هەبێت، بەڵکو کاتێک درەختەکان دەبن بە بەرد، ئەوا گومانەکان لەو کاتەدا کۆتاییان دێت، ئەو دەمەی دەبینین، پیریش دێت، کەچی دڵی خۆی لەسەر چیمەنێکی سەوز دەبینێت، "دڵێک بە گۆشت و خوێنێکی تازەوە/ گەرم گەرم لێدەدا.. دڵم نەبووبوو بە بەرد"

ئەو دڵنیاییە لەکۆتاییدا گومان تەواو دەکات، تەواوبوونی گومان، پرۆسەیەک نییە بۆ بەردەوامی، بەڵکو دڵنیاییە بۆ کۆتایی ژیان، جەستە پەکی دەکەوێت، لەشارە نوێیەکەدا دەبێت بە درەختێکی بەردین، ئەوە دڵە بە خوێنێکی تازەوە، بەهەمان توانا و وزەی جوانی لێ دەداتەوە، بۆیە هاوار بۆ گوڵی پەژمووردە دەکات تاوەکو لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ئاسمان، ئەو شاعیرێک نییە ببێت بە بەرد و پەیکەرەکەی لەو شارە دژە ئەفلاتونیە دابنێین، ئەوە داوایەکە لە گوڵ کە دەچێتە ئاسمان بۆ لای خودا، ئەویش لەگەڵ خۆی بەرێت، ئەو ڕۆیشتنە لە سەفەرێکی مەسیحانە دەچێت، لەگەڵ کۆتایی تێکستە شیعریەکە دەرگا لە خوێندنەوەیەکی نوێ دەکاتەوە، خوێندنەوەیەک لە توانای فڕین بێت لە شێوەی مەسیح بۆ ئاسمان.